# هەڵبژاردن؛ خاڵی وەرچەرخانی تورکیا لە سەتساڵەی خۆیدا؟

13-05-2023

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** هەڵبژاردنی ئەمجارەی تورکیا خاڵێکی وەرچەرخانە. چونکە ئەوە دیار دەبێت کە ئایا پارتی داد و گەشە پێدان ـ ئەردۆغان دەچێتە ناو دەیەی سێیەمی حوکمڕانی خۆی و مۆرێك لە ساڵانی سەرەتایی سەت ساڵەی دووەمی کۆماری تورکیا دەدات یان نا. ئەمە نەك تەنیا بۆ نێوخۆی تورکیا بەڵکوو بۆ دنیای دەرەوەش خاڵیکی وەرچەرخانە و دەتوانێت ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی ئەنکەرە لە گەرمەی ململانێ هێزدارییە گەورەکەی جیهان روونتر بکات. گفتوگۆیەکی گەرمیش لە نێوخۆی کورد هەیە سەبارەت بەوەی کە مانەوەی ئەردۆغان باشە یان هاتنی کلچدارئوغلو. راستییەکەی، بە پێی ئەنجامی راپرسییەکان بێت، کورد لە نێوخۆی تورکیا رۆڵێکی یەکلاکەرەوە پەیدا دەکات بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بۆ کورد لە ناوچەکە بە شێوەیەکی گشتی، نە ئەوەیە کە بە رۆیشتنی ئەردۆغان و هاتنی کلچدار ئوغلوو دنیا بۆ کورد ببێتە شامی شەریف، نە مانەوەی دۆخەکەش وەك خۆی رێگا بۆ سواربوونی داشەکەی خۆش دەکات

## بەرایی

هەڵبژاردنی ئەمجارەی تورکیا خاڵێکی وەرچەرخانە. چونکە ئەوە دیار دەبێت کە ئایا پارتی داد و گەشە پێدان ـ ئەردۆغان دەچێتە ناو دەیەی سێیەمی حوکمڕانی خۆی و مۆرێك لە ساڵانی سەرەتایی سەت ساڵەی دووەمی کۆماری تورکیا دەدات یان نا. ئەمە نەك تەنیا بۆ نێوخۆی تورکیا بەڵکوو بۆ دنیای دەرەوەش خاڵیکی وەرچەرخانە و دەتوانێت ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی ئەنکەرە لە گەرمەی ململانێ هێزدارییە گەورەکەی جیهان روونتر بکات. گفتوگۆیەکی گەرمیش لە نێوخۆی کورد هەیە سەبارەت بەوەی کە مانەوەی ئەردۆغان باشە یان هاتنی کلچدارئوغلو. راستییەکەی، بە پێی ئەنجامی راپرسییەکان بێت، کورد لە نێوخۆی تورکیا رۆڵێکی یەکلاکەرەوە پەیدا دەکات بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بۆ کورد لە ناوچەکە بە شێوەیەکی گشتی، نە ئەوەیە کە بە رۆیشتنی ئەردۆغان و هاتنی کلچدار ئوغلوو دنیا بۆ کورد ببێتە شامی شەریف، نە مانەوەی دۆخەکەش وەك خۆی رێگا بۆ سواربوونی داشەکەی خۆش دەکات.

## کێ دەیباتەوە؟

بە گوێرەی ئەنجامی 24 راپرسی کە لە ماوەی 3 مانگی رابردوودا کراون، پارتی داد وهێشتا دادوگەشە پێدان بەهێزترین پارتی سیاسی تورکیایە بەڵام پێناچێت ئەو هاوپەیمانییەی کە کردوویەتی هەمان بەختی هەبێت. ئەمەش وادەکات لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماردا، لە مارسۆنیکی نەفەس بڕدا بێت لەگەڵ هاوپەیمانییە شەش قۆڵییەکەی رکابەری. پارتی داد و گەشە پێدان لە هەڵبژاردنی ساڵی 2018دا 42.56%ی دەنگەکانی تورکیای بردبوو بەڵام، بەگوێرەی ئەم راپرسییانەی ئێستا بێت لانیکەم 6%ی دەنگەکانی لە کیس دەچێت و وادیارە ئەوەش دەچێتە خانەی پارتەکانی عەلی باباجان و ئەحمەد داودئوغڵو کە هاوشانی پارتی سەعادەت لە لیستەکانی پارتی گەلی کۆمارییەوە بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانیان کردووە.

خاڵێکی جێگەی سەرنج لێرەدا ئەوەیە کە پارتی داد و گەشەپێدان لە ماوەی 21 ساڵی رابردوودا کارنامەیەکی سەرنجڕاکێشی هەڵبژاردنی هەبووە. لە 2002 وە تا 2015 بەردەوام لە هەڵکشان بووە بەڵام لە 2015وە رووی لە داکشان کردووە. لوتکەی دەنگەکانی لە 2011 و دووەمین هەڵبژاردنی 2015دا بووە کە سەرووی 49%ی دەنگەکانی برد بەڵام لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی 2018دا بۆ سنوورەکانی 42%دابەزی. پارتە سەرەکییە هاوپەیمانەکەیشی کە مەهەپەیە تووشی دابەشبوونێك بوو. رێژەی دەنگەکانیشی لە سنوورەکانی 16%ی 2015وە بۆ 11.1%ی هەڵبژاردنیی پەرلەمانیی ساڵی 2018دابەزی.

ساڵی 2015 خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ پارتی دادو گەشە پێدان. پێگە جەماوەرییەکەی لە یەکەم هەڵبژاردنی ساڵی 2015دا کەوتە بەرباس و دەنگەکانی لەسەرووی 49%وە بۆ نزیکەی 41% دابەزی. کودەتاکەی هەمان ساڵیش خاڵێکی دیکەی وەرچەرخان بوو کە وایکرد ئەردۆغان دوو گۆڕانکاری گرنگ بکات. یەکەمیان پەنای بۆ ئیسلامییەکان- تەریقەت و جەماعەتەکان برد بۆ ئەوەی پێگەی بەرامبەر گولەنییەکان بەهێزتر بێت. ئەمەش لە ئەنجامدا ناچاری کرد کە روو لە سیاسەتێکی دەستوەردانی زیاتری ئایدۆلۆژی- دەوڵەت لە ئابووری و دوورکەوتنەوە لە بنەماکانی ئابووری نێولیبراڵی بکات. سەرەڕای پێداگری بەشێك لە راوێژکارەکانی نرخی سوودی بانکی دابەزاند و بەوەش رێگای بۆ هەڵاوسانێکی زۆر کردەوە. لە ساڵی 2016وە 5 جار سەرۆکەکانی بانکی ناوەندی گۆڕی لە کاتێکدا زۆربەی سەرۆکەکانی پێشووتر بەرێژەی 4-5 ساڵ لەو پۆستەدا مابوونەوە. ساڵی 2021 لە ریککەوتننامەی ئیستانبوڵ کشایەوە کە تایبەت بوو بە پاراستنی مافی ژنان و ساڵی 2011 لەگەڵ 44 وڵاتی دیکە ئیمزای کردبوو. مزگەوتی ئایاسۆفیای وەك بڕیارێکی سمبولێك بۆ دڵخۆشکردنی گرووپە ئیسلامییەکان بەرووی عیبادەتی خەڵکدا کردەوە کە پێشتر کرابووە مۆزەخانەیەك و مێژوویێکی هاوبەشی لای کریستانییەکان و دواتریش عومسانییەکان هەبوو. دووەمیش ئەوە بوو کە لەدوای 2015وە سیاسەتی کرانەوە بەڕووی کوردی راگرت و لەگەڵ نەتەوەگەراکانی تورکیا هاوپەیمانییەکی پتەوی بنیاتنا. ئەنجامی ئەمەش، راگیرانی پرۆسەی ئاشتی، ئەنجامدانی زیاتر لە 5 ئۆپەراسیۆنی گەورەی دەرەوەی سنوور و، دژایەتیکردنی گشتپرسی هەرێمی کوردستان بوو.

لە تەنیشت دابەشبوونی نێوخۆیی ئاکپارتی و دوورکەوتنەوە لە کورد، فاکتەرێکی دیکەی کاریگەر هەیە لەم هەڵبژاردنەی ئەمجارەدا، ئەویش هاتنی دەنگدەری نوێیە. لە کۆی زیاتر لە 64 ملیۆن دەنگدەر، ئەمجارە نزیکەی 5 ملیۆن دەنگدەر هەن کە یەکەمجارە دەنگ بدەن و ئەمەش جیلی زێدە کە لانیکەم ئەزموونی سیاسەتە ئابووری- کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ساڵانی 2002-2015ی ئاکپارتییان نیە و زیاتر دۆخی نالەباری ئابووری و سیاسیی ئێستایان لەپێش چاوە. ئەمجارە بە گشتی نزیکەی 30 ملیۆن دەنگدەری تورکیا لە خوار 40 ساڵییەوەن کە ئەمەش پۆتانسییەلێکی گەورەی گۆڕانکارییە.

بە گوێرەی رێژەی هاوبەشی ئەنجامەکانی زیاتر لە 50 راپرسیی جیاواز، هاوپەیمانی جمهور کە پارتی داد و گەشە پێدان سەرکردایەتی دەکات 44.6%ی کۆی دەنگەکان دەبات و هاوپەیمانییە شەش قۆڵییەکەی رکابەریشی 39.8%ی هەیە کە بە زیادبوونی دەنگەکانی

هەدەپە، چانسی بردنەوەی سەرۆکایەتی کۆماری زیاترە. پارتی گەلی کۆماری لە 22.65%ی ساڵی 2018وە بۆ سەرووی 28% هەڵدەکشێت. راستییەکەی پارتی گەلی کۆماری لە شەش هەڵبژاردنیی پەرلەمانی رابردوودا لێهاتوویێکی وای پیشاننەداوە و رێژەی هاوبەشی دەنگەکانی لەو هەڵبژاردنانەدا 23% بوە کە لە 2011دا گەیشتبووە لوتکە و نزیکەی 26% ی بۆخۆی بردبوو. هەرچەند لە هەڵبژاردنیی شارەوانیی 2019دا دەنگەکانی گەیاندبووە 28.6%. هەڵبەت ئەمجارە کەمال کڵچدارئوغڵوو شتێکی کرد کە ئەردۆغان نەیتوانی بیکات. ئەویش ئەوە بوو کە توانیی لە رەنگ و دەنگی جیاوازەوە بەرەیێکی سیاسی دژی رکابەرەکەی دروستبکات کە لە ئیسلامییەکانی نەیاری جەهەپەوە بگرە تاوەکو نەتەوەگەرا توندڕەوەکانی نەیاری هەدەپەشی تێدایە و بە بێ هیچ هاوپەیمانیێکی ئاشکرا، دەنگدەرانی هەدەپەشی لە دەوری خۆی گلێر کردەوە. ئێستا پارتێکی وەك "دەوا"ی باباجان کە هاوپەیمانی جەهەپەیە گوتاری سەرنجڕاکیشتری هەیە بۆ کوردەکان. رێك وەك ئەو سەردەمانەی کە ئاکپارتی هەنگاوی بوێرانەی سەبارەت بە پرسی کورد دەنا، باباجان داوای گۆڕینی مادەکانی 42 لەگەڵ 66ی دەستوور دەکات کە بناخەی سەرەکیی پرسە ناسنامەییەکانی تورکیا پێکدەهێنن. جەهەپە گوتارێکی روونی بۆ پرسی کورد نییە بەڵام بەو سیاسەتی هاوپەیمانییە و بە تاکتیکی نزیکبوونەوە لە بنەماڵە کوردییەکان وایکردووە لە هەندێك ناوچەی وەك دیاربەکر و ئورفا و چەند شوێنێکی دیکە هەست بە زیادبوونی جەماوەرەکەی بکرێت. ئەگەر شتێکی چاوەڕواننەکراو روونەدات ئەنجامی راپرسییەکان راست بێت، بە ئەگەری زۆر سەرۆککۆماری داهاتووی تورکیا کەمال کڵچدارئوغڵوو دەبێت.

## رۆڵی کورد چی دەبێت؟

هەدەپە لەبەر ئەگەری داخستن، بەناوی پارتی چەپی کەسك و بە هاوپەیمانیی رەنج و ئازادی بەشداریی کردووەو بە گوێرەی ئەنجامی راپرسییەکان بێت، لەوانەیە لە نێوان 10%- 12%ی دەنگەکان بۆ خۆی ببات و پشتی کەمال کڵچدارئوغڵووش دەگرێت. هوداپار وەك دووەمین پارتی گەورەی کوردی لە هەڵبژاردنی رابردوودا 155539 دەنگ واتا0.31%ی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو. بەهۆی زیادبوونی نفووسەوە رەنگە بەشێك لە دەنگەکانی زیادبکات و ئەویش پشتی ئەردۆغان دەگرێت. پارتی هاکپار وەك سێیەمین پارتی گەورەی کوردی، لە هەڵبژاردنی ساڵی 2015دا بە نزیکەی 105000 دەنگەوە دەوری 0.23%ی دەنگەکانی بردەوە کە ئەویش چاوی لێیە لانیکەم دەنگەکانی زیاد بکات.

رۆڵی کورد بە دیاریکراوی 11%-12%ی هەدەپە لە یەکلاکردنەوەی سەرۆکایەتی کۆماردا گرنگە بەڵام تەنیا ئەوەش نییە. بە پێی ئەنجامی راپرسییەکان بێت و هیچ شتێکی لەناکاو روونەدات، هیچ یەك لە هاوپەیمانییە سەرەکییەکان ناتوانن 301 کورسیی پەرلەمان ببەنەوە. ئەمەش واتای ئەوەیە کە هەرلایەکیان بۆ بەدەستهێنانی زۆرینەی پەرلەمانی پێویستیان بە دەنگی پارتی چەپی کەسك دەبێت. راستە کە بە گوێرەی سیستەمی سەرۆکایەتی تورکیا دەسەڵاتی سەرۆك زیاترە و لە بڕیارنامەکان و لە پێکهێنانی حکومەتیشدا منەتی بە پەرلەمان نییە بەڵام، بۆ بڕیاری گرنگی پەرلەمانی بە تایبەتی ئەگەر بەتەمای گۆڕینی دەستوور و سیستەم بن، دەنگی هەدەپە یەکلاکەرەوە دەبێت. ئا لێرەیە کە دەبێ چاوەڕێ بین بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو رۆڵە گریمانەییە دەکات کە لەوانەیە پەیدای بکات و چۆن سیاسەتی پێ دەکات!

هەدەپە چاوی لەوەیە لانیکەم 100 ورسی بباتەوە کە رەنگە دوور لە واقیع بێت بەڵام راستییەکەی ئەم هەڵبژاردنە تاقیکردنەوەیەکە بۆ حیزبەش. هاوپەیمانییە سەرەکییەکەی لەگەڵ چوار پارتی چەپی تورکییە کە تەنیا یەکێکیان کە ئەویش پارتی کرێکارانی تورکیایە دەنگدەرێکی کەمی هەیە و زۆربەی پەرلەمانتارەکانیان بە دەنگی کورد دەچنە پەرلەمان.

خاڵێکی دیکەش ئەوەیە زیاتر لە نێوەی دەنگدەری تازەی تورکیاش لە نێو کوردەکانەوەیە. بە شێوەی رێژەیی 13%ی دەنگدەری کورد لە 25 شاری گەورە دا کە حەوزی دەنگی کوردە، لەو دەنگدەرانەن کە بۆ یەکەمجارە دەنگ دەدەن. رێژەی ئەو جیلە تازەیە لە شوینەکانی وەك هەککاری، شڕناخ، دیاربەکر و ئورفا بەرزە و دەبێ چاوەڕێ بین بزانین رەفتاری دەنگدانی ئەوان چۆن کاریگەری لەسەر دەنگەکانی هەدەپە دادەنێت.

## تورکیای کڵچدارئوغڵوو

ئەگەر ئەردۆغان بیباتەوە لانیکەم جارێ سیاسەتەکانی تورکیا وا دەڕوات کە هەیە، هەرچەند هیوایەکی کەمیش هەیە بەوەی کە لەوانەیە بەرەبەرە دەست بە گۆڕانێك بکات، چونکە یەکگرتوویی ئەمجارەی ئۆپۆزیسیۆن مەترسییەکی راستەقینەی لەسەر دەسەڵاتەکەی درووستکرد. گەلێك کەس باسی ئەوە دەکەن کە ئەگەر ئەردۆغان بیدۆڕێنێت لەوانەیە کورسییەکەی چۆڵ ناکات. راستییەکەی ئەو لە ساڵی 2019 و 2015شدا دۆڕانی تاقیکردۆتەوە. ئەمە بێجگە لەوەی کە کولتووری پاراستنی دەوڵەت لە تورکیا

بەهێزە. بۆیە کارێکی ئاسان نییە کە چۆڵی نەکات. ناکۆییەکانی ئەمدواییەی نێوان دەستەی باڵای هەڵبژاردن لەگەڵ پارتی دادو گەشە پێدان، هەروەها لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ نیشانەی ئەوەن کە بیرۆکراسیی تورکی دەتوانێت کاری خۆی بکات و رەنگە ئاسان نەبێت کە سوپا بە تەنیا پاڵپشتی لە حیزبێك بکات. ئەگەر رێژەی دەنگەکان زۆر نزیکی یەك بن لەوانەیە گرژیدات بەڵام ئەگەر جیاوازییە زۆر بێت، بە ئەگەری زۆر دەسەڵات رادەست دەکات.

## ئەگەر کەمال کڵچدارئوغڵوو بیباتەوە، تاماوەیەك هەر بە سیستەمی سەرۆکایەتی تورکیا بەڕێوە دەبات. ئەمەش وەك باسی لێوەکراوە تا دووساڵێك دەخایەنێت، دیارە ئەگەر زۆرتریش نەبات.

رەنگە کەمال کلچدارئوغڵوو لە سیاسەتی دەرەوەدا بەرەو رەوتی نەریتیی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بڕوات بەڵام لە بیرمان نەچێت کە دنیا بەرەو گۆڕانێك دەچێت و کاتی خۆی، خودی مستەفا کەمال ئاتاتورکیش سوودی لە ناکۆکیی هێزە گەورەکانی جیهان وەرگرتبوو بۆ داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی خۆی. لە ئاستی ناوچەکەشدا زیاتر مەیلی بۆ هاوکاری ناوچەیی چووبوو، بۆیە ریککەوتنەکانی وەك سەعدئاباد و پەیمانی بەغداد هەر لەگەڵ نەریتی سیاسەتی ئاتاتورکیدا گونجاوبوون کە دەزانین چۆن بۆ کورد شکابوونەوە. نزیکەی ساڵێك پێش ئێستا کۆبوونەوەیەکەمان لەگەڵ یاریدەرەێکی کەماڵ کڵچدارئوغڵوو هەبوو. لێم پرسی کە سیاسەتی دەرەوەتان چۆن دەبێ ئەگەر بیبنەوە؟ رێك هەمان میکانیزمی هاوکاریی ناوچەیی بە فۆرمیکی دیکە باسکردەوە. ئەمەش شتیك نییە کە لە ناوەڕۆکدا لەگەڵ سیاسەتی ئێستای ئەردۆغان ناکۆك بێت کە ئەویش لە 2017وە دەستیپێکردووە. بێشك ئەگەر کڵچدارئوغڵوو بە تەما بێت لە ململانێ گەورەکەی جیهانیشدا لە نێوان ئەمریکا و رووسیا و چیندا، زیاتر بەلای رۆژئاوادا بیشکێنێتەوە، ئەوسا بێ مامەڵەیەکی گرنگ کاری وا ناکات! چونکە ئەوەی بە کردەوە بڕیارلەو بابەتانە دەدات تەنیا سەرۆککۆمار نییە و بیرۆکراسیی تورکی کاریگەری بەرچاوی هەیە.

پێچەوانەی رووسیا، رۆیشتنی ئەرۆدغان بە قازانجی عێراق، ئێران و سووریا دەبێت. ئێران کە بە رێککەوتن لەگەڵ سعودی بەهێزتر بووەتەوە، بە نەمانی کەسێکی وەك ئەرۆدغان کە خەونی سەرکردایەتییەکی گەورەتری هەیە رکابەرێکی گرنگی ناوچەیی لەکۆڵ دەبێتەوە کە ئێستا لە ململانێی ئەرمەنستان- ئازەربایجان، لەعێراق، لە سووریا و لە هاوسەنگییەکانی هێزداری لە ناوچەکەشدا گرفتی بۆ تاران دروستکردووە. بۆ عێراق و سووریا کە کێشەی ئاو، پرسی پەکەکە و بابەتی مانەوی هێزی سوپای تورکیا و ئۆپەراسیۆنەکانیان هەیە، لەوانەیە هاتنی سەرکردەیەکی دیکە دەرفەتی دیالۆگیان بۆ زیاتر بکات تەنانەت ئەگەر سیاسەتی ئەنکەرەش بە تەواوی نەگۆڕدرێت.

پێدەچێت پارتی گەلی کۆماری حەزبکات لە سیاسەتی نێوخۆ، ئابووری و سیاسەتی دەرەوەدا مۆری خۆی لە ساڵانی داهاتوو بدات بۆیە هەرلە ئێستاوە باسی بردنی ئەو پۆستانە بۆخۆی دەکات، دیارە ئەگەر بتوانێت هاوپەیمانەکانی رازی بکات. کڵچدارئوغڵوو گوتویەتی کە پرسە گرنگەکانی وەك پرسی کوردیش دەباتە پەرلەمان. لەوانەیە بە شێوەی کاتی گۆڕانکارییەکارییەك لە پرسی گیراوانی هەدەپە رووبدات و هەندێك نەرمیی لە سیاسەتە ئەمنییەکان بنوێنێت بەڵام، چارەسەری ریشەیی پرسی کورد کارێکی ئاسان نییە. چونکە وەك تەمەل کەرەمولا ئوغڵوو سەرۆکی پارتی سەعادەت گوتوویەتی بڕیارە سەرۆکی حزبەکانی هاوپەیمانی جەهەپە ببنە یاریدەری سەرۆککۆمار. دیارە بە سەرۆککۆماریکی فرە جێگر و پەرلەمانێکی فرەسەرەوە کە بلۆکێکی ئۆپۆزیسیۆنی بەهێزی تێدا بێت، دروستکردنی گۆڕانکاریی ریشەیی لە سیاسەتی نێوخۆ و، دەرەوەی تورکیا کارێکی هەروا ئاسان نییە.